کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-7-2007 23:34

# هەموو ڕۆژێک بۆنی جەستەیەکی سووتاو دێت! ... شکار ئەحمەد

shkar_qaladzaey@hotmail. com

ئەرێ خەڵکی ئەم وڵاتەی ئێمە ڕۆژنامە دەخوێننەوە؟ گوێبیستی هەواڵ دەبن؟ ئەگەر وایە بۆ کەس



لەخۆی نابزوێ، چارەیەك بکەین. ئەوا خەریکە لە هەناوی کۆمەڵگایەکی سووتاودا ئەمرۆ دەکەینە رابردوو، ئایندەش لەسەر هەناوێکی سووتاو بونیاد دەنێین، کە واشبوو لە خەڵوزێك زیاتر هیچ نییە.

لەبەر پسپۆڕ و خەبیر، مووچە و پۆست بەر کەس ناکەوێت!!. کەچی حاڵی ئێمە وەك میزی حوشتر بەرەو دوایە!. گەر کەس خوێنەر نییە و هەواڵ نابیستن، ئەدی ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕۆڤارە و بڵاوکراوە بۆ چ دەردەچن؟!. ئەرێ بۆنی سووتانی جەستەی ژن و منداڵ و خورت و پیرەکان ناکەن؟!.

ئەرێ سەردانی نەخۆشخانە قەرەباڵغەکانتان کردووە؟ ئەرێ ئەو هەموو جەستە خەڵووزئاسا و سووتاوانەتان بینیوە؟

چییە ئەم وڵاتە بۆ کەس بە کەسە؟ پێم ناڵێن کۆمەڵناسەکان کاریان چییە؟! ئەی ئەو بەرپرس و مەسئول و خاوەن دەسەڵاتانەی کە بە نوکی پەنجە خۆیان دەتەکێنن و ریزێك مۆنیکاتان بەدواوەیە و چەند ڤیلا و کۆشك و تەلارتان لەسەر حسابی ئەم میللەتە بەستەزمان و مەزلوومە بۆ خۆتان قیت کردۆتەوە و خۆیان بە نوێنەر و خەمخۆری ئەم وڵاتە دەزانن بۆ نقەیەکتان لێوە نایەت؟! بۆ ناپرسنەوە؟!، یان تەنیا لە قسەی قەبە قەبە و خۆدەرخستن و فشەفش دەزانن؟!

ئەی ئێوە ئەو وەزارەت و ڕێکخراو و سەنتەر و NGOیانەی کە بەناوی پاراستی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ و مافی ژن و چی و چی هاتوونەتە بوون، ئێوە بۆ بێدەنگن، و هیچ ناڵێن لەئاست ئەم کۆستە گەورانە؟! توخوا ئەگەر بە ئەرك نەبێ و بێ زەحمەت بە ئێمە بڵێن و بۆمان ڕوون بکەنەوە کاری ئێوە چییە و کوا پرۆگرام و پرۆژە و چالاکییەکانتان؟! یاخود هەر سەرمەستی و سەرگەرمی پارە خواردن و خزمەتکردنی خودی خۆتانن و ئەوەی ناوی ئاریشە و گرفتی خەڵکە لای ئێوە بوونی نییە!!!.

ئەوی ڕۆژێ مێرمنداڵێك لە داخی سەقەتی سیستەمی پەروەردە جەستەی خۆی کردە مەشخەڵێك ئاگر. خۆ نەورۆز نەبوو، بروا بکەن زەردەشت پێی نەگوتبوو، بەڵام ئەویش کەس نەبوو وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە، هەر بۆیە ئەویش بە چەند بەهارێکی کەمی تەمەنییەوە، وەڕس بوو لەم ژیانە بەناو ژیانە و ئاگری کرد بە هاوڕێ و ئامانجی خۆی!، دەبوو بەرێوەبەر و مامۆستاکانی دەستیان لە کار هەڵگرتایە، ئاخر تاوانە منداڵێك لەو تەمەنەدا کەس نەتوانێ خەمەکانی برەوێنێتەوە!.

پێم وایە ئەمە تەنها گیان سپاردنی منداڵێك نەبوو، بەڵکو ئەمە ئەو زەنگە بوو کە زۆرێك لەبەر ئەو لۆکەی کە لە گوێچکەیان ئاخنیبوو نەیانبیست!.

ئەرێ بۆ دەبێ قەدەری ئێمە هەر برسییەتی و پێ پەتی و ڕووت و ڕەجاڵی بێت؟! تاوانە ئەگەر ئێمەش ژیانێکی کەمێك ئاسوودەمان هەبێت و کەمێك بێ خەم و ئاریشە ژیان بگوزەرێنین؟!.

ڕۆژێك بە گوللەی بەعس دەکوژراین و پارەی گوللەکانیان لە خانەوادەکانمان دەسەند، ڕۆژێك تورك، یەکێکی تریش عەجەم، بە بەردەوام عەرەب دەمانکوژن، ئێستاش ئاگر، گاز، بەنزین، نەوت... هتد، هەموو ڕۆژێك جەستەی جوانەکانی ئێمە دەکەن بە پشکۆ، دوایش بە خۆڵەمێش و ڕەژوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئای لەم قەدەرە، دەبێت ئێمە تا ماوین هەر قوربانیدەر بین. سووتان بۆ ببێتە دوا ئامانجی گەنج و منداڵ و ئافرەتی ئێمە؟ باشە بۆ دەبێ لە بێ ئیرادەییدا پەنا بۆ دزێوترین دیاردە ببەین؟! کێ دەتوانێ لەم تەنگەژەیە رزگارمان بکات؟

دەسا وەرن هەمووتان بڕیار بدەن کە ژوانی دوو رۆڵەی ئەم نیشتیمانەتان بینی بەڵا مەبن، ئابڕووی ئەوان هی ئێوەیە... مامۆستاکان دڵڕەق مەبن، نەوەی نوێ فێری میهرەبانی بکەن، با لە داخی ئێوەدا منداڵێکی ئێسك سووکی تری نیشتمان خۆی نەکات بە زەنگێکی تری کۆمەڵگا و پەنا بۆ قێزەونترین رێگا ببات!.

تکایە میهرەبان بن ئەی ئەوانەی میهرەبان دروستی کردوون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.